

# تەبلێتێك وەك كاغەز دەنوشتێتەوە

یەکێك لە تەبلێتە سەرنج راکێشەکان کە بەم دواییە بەرهەم هاتووە، تەبلێتی جۆری paperfold، ئەم تەبلێتە لەلایەن پسپۆرانی تاقیگەی Human media lab لە زانکۆی کویینی کەنەدا بەرهەم هاتووە، کە وەك کاغەز دەنوشتێتەوە. تەبلێتەکە لە سێ شاشە پێکهاتووە کە شاشەکان ڕەش و سپین. بەکارهێنەر دەتوانێت وێنەیەك بەشێوەی پارچە پارچە لەهەر سێ شاشەکەدا ببینی.

شاشەکان وەك پازەڵێك لەلای یەك دادەنرێن، دەشکرێت هەرکام لە شاشەکان بە جیا بن.

هەرچەندە بیرۆکەی ئەم تەبلێتە بۆ پرۆژەیەکی مایکرۆسۆفت دەچێت کە لە ساڵی 2010 هەوڵی بۆدا ئەویش دروستکردنی تەبلێت لەسەر شێوەی کتێب بوو، بەڵام ئەوکات بەهەر هۆکارێك بێت مایکرۆسۆفت لە خستنەبازاڕی تەبلێتە شێوە کتێبییەکە وازی هێنا. دواتر کۆمپانیای سۆنی جارێکی دیکە هەوڵی داوە ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی دیکە بەرهەم بێنێ.



# کەوەری گەلەکسی شوێنی باتریش دەگرێتەوە

کۆمپانیای Zero lemon چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی باتری ئامێرە دیجیتالییەکانە، لەم دواییەدا کەوەرێکی نوێی بۆ گەلەکسی 5 بەرهەم هێناوە کە دەکرێت وەك وێستگەیەکی کارەبایی بێت بۆ ئامێرەکە چونکە بەهۆیەوە هەتا چەند ڕۆژێك باتری مۆبایلەکە دانابەزێت.

کاتێك کەوەرەکە دەخەیە سەر مۆبایلەکە دەبێت باتری خۆی بێتە دەر، چونکە شوێنی باتری خۆی دەگرێتەوە، هەروەها لە هەردوولاوەش مۆبایلەکە دەپارێزێ لەو کاتەی کە بەربێتەوە یان بە شتێك بکەوێت.

# تەکسی هەوایی چارەسـ



شارە گەورەکانی جیهان بەهۆی ڕێژەی زۆری ئۆتۆمبێلەوە ژیانیان تێدا سەخت بووە، جار هەیە قەرەباڵغی و ترافیکێکە بە زەحمەتێکی زۆر نەجاتت دەبێت، شارەکانی کوردستانیش بەم شێوەیەیان لێهاتووە جا شارە گەورەکانی جیهان دەبێ چۆن بن.

کۆمپانیایەك کە پێشووتریش لەم بوارەدا چالاکی هەبووە، ئامێرێکی بەناوی Aerofex بەرهەم هێناوە کە بڕیار وایە لە ساڵی 2017 بیخاتە بازاڕەوە.

ئەم ئامێرە دەکرێت دوو کەس سواری بن و وەك تەکسی هەوایی سوودی لێوەربگرن، سێ مەتر لە زەوی بەرز دەبێتەوە و دیارە خێراییەکەی زۆر نییە، چونکە 70 کیلۆمەتر لە کاتژمێردایە و دەکرێت هەتا کێشی 140 کیلۆ هەڵبگرێت. سوکانەکەی وەك دەسکی گەمەی ئەتاری دەچێت و بەهۆیەوە کۆنترۆڵ دەکرێت کە ئامێرەکە بەرەو کوێ بچێت.

# تەبلێت- نوت بووكێک بۆ قوتابیان

هەروەك لە هەواڵەكانی بەشی ئایتیدا بۆتان دەردەكەوێت كە بازاڕی تەبلێت هەروا دێ و گەرمتر دەبێت، كۆمپانیاكانـــی بەرهەمهێنیش هەوڵدەدەن تەبلێتەكانیان تایبەتمەند بكەن بە توێژێكی تایبەتەوە. لەو نێوەدا قوتابیان بەششـــێكی گەورە لە بەكارهێنەرانی تەبلێت پێكدێنن، كۆمپانیای ئەنتەل كە ناوێكی نامۆ نییە بۆ جیهانی تەكنەلۆژیای سەردەم، تەبلێتی جۆری intel education2-in-1 بەرهەم هێناوە بەناوەكەی را دیارە كـــە دوو ئامێرە لەیەك ئامێردا. ئەم تەبلێتە بۆ توێژی خوێندكار و قوتابییەو تەبلێتەكە هەم تەبلێتە و هەم نوت بووك. ئامێرەكە دەكرێت شاشەكەی بسوڕێندرێت و وەك تەبلێت سوودی لێوەربگیردرێت. كیبۆردەكەی لێبكرێتەوە، یان پێوەبێت و وەك نوت بووك سوودی لێوەربگیردرێت. باتری ئامێرەكە تا 8 كاتژمێر دانابەزێت، خاڵی بەهێزی تەبلێت- نوت بووكەكە ئەوەیە كە پتەوە، بە زەربە و بەركەوتنی كەمیش هیچی لێنایە، ئاوی ناچێتە ناوی و تۆز و خۆڵی لێنانیشێ..



## ـــــــەرێک بۆ ترافیک






# مایکرۆسۆفت و کیبۆردێکی وایەرلەیس

کۆمپانیای مایکرۆســۆ فت وەك مەزنترین کۆمپانیا لە بواری بەرهەمهێنانی پرۆ گرام و ســەختە ئامرازی کۆمپیوتەر هەوڵیداوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەموو بەشەکانی کۆمپیوتەردا پێك بێنێ. لەم دواییەدا کیبۆردێکی نوێــی بەرهەم هێناوە کە دەکرێت بڵێین جۆکەر یا هەمە کارەیە، ئەم کیبۆردە دەتوانێت گشــت فەرمانەکانی دەنگ و ڕەنگ لە ڕێگای دوورەوە بە ئاســانترین شێواز کۆنترۆڵ بکات. ئــەم کیبۆردە لەگەڵ ویندۆز8 باش دەگونجێت، چونکە زۆرتر فەرمانەکانی لەمســین. کیبۆردەکە گەر چا و قاوەشــی بەســەردا بڕژێت گرفتێکی بۆ نایەتە پێش و لە مەودای دە مەتر دوور لە کۆمپیوتەر دەتوانی ئەرکەکانی پێ ئەنجام بدەی. ئەم کیبۆردە لەمسییە دەتوانێت کردارەکانی وەك زووم کردن، ڕاکێشان، کلیك کردن، ڕاگواستن و گۆڕین بە ئاسانترین شێواز ئەنجام بدات.

بە بوونی ئەم کیبۆردە هیچ پێویســت بە ماوســێکی تایبەتیش ناکات، چونکە بەتەواوی ئەرکی ماوسیش ئەنجام دەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، هــەر کاتێــك کــە فــلاش میمۆرییەکەم دەخەمە ســەر کۆمپیوتەرێکی دیکە پڕ دەبێت لە ڤایرۆس، چیبکەم کە فلاش میمۆرییەکــەم بەبێ ڤایرۆس بێت و کێشە بۆ کۆمپیۆتەرەکەم دروست نەکات.


خوێنەری بەڕێز پرۆگرامێك هەیە بەنــاوی USB Guardian ئــەم پرۆگرامە گەر لەســەر کۆمپیوتەرەکــەت هەبێت، بە ئاسوودەیی فلاش‌میمۆرییەکەت بخە سەر کۆمپیۆتەری دیکە، دڵنیابــە میوانی ڕەزاگران کە ڤایرۆســە بۆ کۆمپیوتەرەکەت ناگوازێتەوە. دوای دابەزاندنی پرۆگرامەکــە هەرکاتێــك فــلاش میمۆرییــەك بخرێتە ســەر کۆمپیوتەرەکــەت هەتا ڤایرۆسەکان نەسڕێتەوە ئیزنی پێنادات کاری پێبکەی.



## چەرخی دیجیتاڵی هۆشمەند بۆ وازهێنان لە جگەرە

جگەرە ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرەیە کە مرۆڤ بــە دەســتی خۆی تووشــی خــۆی دەکات و دواتریش هەرچەندە هەوڵ دەدات وازی پێ لێ ناهێنرێت، ساڵانە بە ملیۆن کەس لە جیهاندا دەکاتە قوربانی. زۆر هەوڵیشدراوە کە ئامێرێــك یان دەواودەرمانێك دابهێنرێت مرۆڤ بتوانێ بەهۆیــەوە واز لە جگــەرە بێنێت، بەڵام کــە ئیرادە نەبوو ئامێرەکان بێ سوودن.

لەم دواییەدا کۆمپانیایەك هەوڵیداوە چەرخێکی دیجیتاڵی هۆشــمەند بەرهەم بهێنێ کە هۆکارێك بێت بۆ وازهێنان لە جگەرە، ئەم چەرخە دیجیتاڵییە شاشەیەکی لەگەڵدایە، کە ڕێژەی ئەو جگەرانەی بەکارهێنەرەکەی لە ڕۆژدا دەیکێشێ نیشانی دەدات، تەنانەت مەودا و کاتی نێوان دوو جگەرەش دەستنیشــان دەکات و هەروەها لە شاشــەکە نیشان دەدرێت کە چەندە مادەی نیکۆتین چۆتە ناو جەســتەتەوە و زیانی مادە زیانبەخشــەکان چەندن بۆ جەســتەت، سەیرتر لەوەدایە چەرخە هۆشمەندەکە بە تۆڕی ئینتەرنێتیشەوە پەیوەند دەدرێت و نیشان دەدات کە ڕۆژانە چەند دەنك جگەرە دەکێشرێت و چ ڕێگا چارەیەك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێژەیە کەم بێتەوە.



# بێ ئینتەرنێت لە نەخشەی گوگڵ سوود وەربگرن

تواناکانی ئۆنلاینی گوگڵ ماپ واتە نەخشەی گوگڵ بۆ هەمووان روون و ئاشکرایە، ئەم خزمەتگوزارییە بەجۆرێکە کە شوێنی ئێستاکەت نیشان دەدات و بچیە هەر شوێنێك پێت دەڵێت لە چ شوێنێکی، بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لە گوگڵ ماپ پێویست دەکات هێڵی ئینتەرنێتت هەبێت، بەڵام ئایا دەکرێت بەبێ هێڵی ئینتەرنێتیش لەم خزمەتگوزارییە سوود وەربگری؟

وەڵامی پرسیاری سەرەوە بەڵێیە، بەڵێ دەکرێت بەبێ بوونی هیچ خزمەتگوزارییەکی ئینتەرنێتیش لەسەر تەبلێت یان مۆبایلەکەت لەم خزمەتگوزارییە سوود وەربگری، لەسەرەتادا دەبێت دوایین ڤێرژنی پرۆگرامی گوگڵ ماپ لەسەر تەبلێت، لاپتۆپ یان مۆبایلەکەت هەبێت. دوای ئەمە بچۆ سەر دوگمەی پرۆفایل، ئەم دوگمەیە لەلای شریتی بەدواداگەڕاندا هەڵکەوتووە، دوای کلیك کردن لەسەر ئەمە زانیارییەکانی پرۆفایلی خۆت ببینە و بچۆ سەر کۆتایی لاپەڕەکە و فەرمانی offline maps لێبدە. دواتر خەزنی بکە، لەمەو بە دوا بەبێ ئینتەرنێتیش دەتوانی سوود لە خزمەتگوزارییەکانی ئەم نەخشەیە وەربگری.



## سایتێک بۆ دەستکاری کردنی وێنە

لە گۆشەی ناساندنی سایتەکاندا زۆر سایتمان پێ ناساندوون کە کاری تایبەت بە وێنە ئەنجام دەدەن، سایتی ئینتەرنێتی www.befunky.com جگە لەوەی کە توانای دانانی ئیفێکتی جۆراوجۆری هەیە لەسەر وێنە، هەروەها توانای ئەوەی هەیە وێنەکە خەزن بکەی و لە ئینتەرنێتدا هاوبەشی بکەی و پرێنتی لێبگری. 20 ئیفێکتی سایتەکە بەتەواوی خۆڕایین، بەڵام بۆ خەزن کردنی وێنە و یان دانانی شوێنێك بۆ هەڵگرتنی وێنەکانی خۆت لە ئینتەرنێتدا بە خۆڕایی نین. ئەو سایتە ئەپلکەیشنی تایبەتی بۆ مۆبایل و تەبلێتیش تێدایە.

SAMSUNG

## باترییەکی پورتێبڵ بۆ سامسۆنگ

پاوەربانك (POWER BANK) بەو باترییە پورتێبڵانە دەگوترێت کە لە کاتی پێویستدا گرنگییەکی زۆری بۆ ئامێرە دیجیتاڵییەکان هەیە، بۆ نموونە بۆ گەشتێك چوویە چیاو کوێستانەکانی کوردستان و هیچ وزەیەکیش نییە مۆبایلەکەت یان کامێرا دیجیتالییەکەت پێ شەحن بکەیەوە، لەو کاتەدا باتری پورتێبڵ یان بە واتایەکی دیکە پاوەر بانك گرنگی خۆی هەیە.

لەم دواییەدا پاوەر بانکێك بەناوی EB-PG900B لە سایزی بەقەد پاکەتە جگەرەیەکدا و بە رەنگی سپی و بە کێشی 173 گرامی کەوتە بازاڕەوە، ئەم پاوەر بانکە شوێنی کێبڵی MIcro usb هەیە بەهۆی ئەو گڵۆپەی لەسەریەتی چۆنییەتی شەحنکردنەوەکە نیشان دەدات و بەهۆیەوە دەکرێت لە یەك کاتدا دوو ئامێری دیجیتاڵیش شەحن بکرێتەوە.